


# یاداشتنامەی سەرۆک بارزانی
# دەربارەی شوێن بزرو چارەنووس نادیارەکان لە قوربانیانی پرۆسەکانی ئەنفال و داپلۆسین

سەرۆک بارزانی یاداشتنامەیەکی ئاراستەی هەموو لایەن و نێوەندە ناوخۆیی و نێوظدەولەتییە پەیوەندیدارەکان کردووە، لە پێناوی یارمەتیدان بۆ ئاشکرا کردنی چارەنووسی دەیان هەزار شوێن بزر لە رۆڵەکانی گەلی کوردو راگەیاندن و دەستنیشان کردنی تاوانبارو ئەنجامدەرانی و قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و کەسوکارو خاوو خێزانەکانیان، ئەمەش دەقی یاداشتنامەکەیە:

**بۆ/ سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان**
**– لیژنەی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بەدواداچوونی هەواڵەکانی چارەنووسی نادیارو شوێن بزرەکان.**
**– هەموو حزب و هێزە نیشتمانییە عێراقییەکان.**
**– لیژنە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی مافەکانی مرۆڤ.**

بەڕێزان
یەکێک لەو مەینەتییە مرۆییانەی، کە تائێستا مایەی دڵ تەنگییەکی قووڵ و داخێکی گەورەو زامێکی سارێژ نەبووە لە مێشک و دڵی رۆڵەکانی گەلی کوردو باقی عێراقییەکان، کارەساتی دەستگیر کردنی دەیان هەزار هاووڵاتی بێ تاوانە بە ئافرەت و پیاوەوە لە لایەن دەزگاکانی رژێمی دارِماوو لەدەستدانی چارەنووسیانە تاکو ئێستا:
– زیاتر لە (١٠) هەزار کوردی فەیلی لە کاتی دەست پێ کردنی پرۆسەی راگواستنیانەوە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی (٢٠)ەوە تا (٨٠)کانی هەمان سەدە راگوێزراون.
– نزیکەی (٨) هەزار هاووڵاتی بارزانی لە تەمەنی (١٤) ساڵی بەسەرەوە لە لایەن دەزگاکانی رژێمی رووخاوەوە لە ناوچەکانی هەولێرو بەغدا لە هاوینی ساڵی (١٩٨٣) بە کۆمەڵ دەستگیر کران.
– نزیکەی (١٨٠) هەزار لە قوربانیانی پرۆسەکانی ئەنفال لە ماوەی بەهاری ساڵی (١٩٨٨) بە کۆمەڵ لە لایەن دەزگاکانی رژێمی عێراقەوە دەستگیر کران لە نێوانیاندا منداڵ و ئافرەت و لاوو پیاو هەن، کە لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و بادینان و هی دیکە دوور خرانەوەو تائێستاش کەس هیچیان لە بارەوە نازانێ.
– دەستگیر کردنی بە تاک و کۆمەڵی جۆراوجۆر، لەنێوانیاندا شاڵاوێکی دەستگیر کردنی بە کۆمەڵ بۆ لاوانی کورد لە ماوەی راپەڕینی ئاداری ساڵی (١٩٩١)و کۆڕەودا، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی کەرکووک و قەزاو ناحیە کوردیەکانیدا.

بەڕێزان:
تائێستا کەسوکارو خاوو خێزانی ئەو قوربانییە چارەنووس نادیارانە چاوەڕێی هەر زانیارییەک دەکەن لە بارەیان و لە نیگەرانییەکی قووڵیشدا دەژین، چەند رۆژێکیش بەر لە ئێستا (١٥)ەمین ساڵیادی شاڵاوی ئەنفالەکانی ساڵی (١٩٨٨) تێپەڕبوو، تائێستاش هەموو گەلی کورد چاوەڕێی ئاشکرا کردنی چارەنووسیان دەکات، گومانیش نییە لەوەی، کە ئەمە کارەساتێکی عێراقییەو لە ویژدانی هەموو هاووڵاتییەکی ئازادیخوازیی عێراقی دەدات، لە هەمان کاتیشدا کارەساتێکی مرۆییەو لە لایەن چەندین نێوەندو رێکخراوی نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە کراوەو، بەیاننامەو راپۆرتی نێودەوڵەتی و لێکۆڵینەوەو فلمیشی لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە.
پرۆسەی ئەنفالەکان تاوانێکە دەرهەق بە مرۆڤایەتی و لە هەموو تاوانێکی دیکەش گەورەترە، کە تائێستا لە هەر وڵاتێکدا دەرهەق بە ئافرەت و پیاوی بێ دیفاع ئەنجام درابێ.
ئەو تاوانەش دەچێتە ریزی سیاسەتی دەمارگیری و دیکتاتۆریەتی رژێمی پێشوو، کە لە پێناو لەناوبردنی کوردو گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی و مێژوویی کوردستان پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی پیادە دەکرد، ئینجا چ بەو شێوازە بووبێ یان لە رێگەی بۆردومانی کیمیایی یان وێران کردنی گوندو کێڵگەو شارۆچکەکان یان شاڵاوەکانی لە سێدارەدان و راوەدوونان و تیرۆر بە هەر شێوازێکی دیکە، لێرەدا ئەمە لە رووی مرۆیی و سیاسی و یاساییەوە بە تاوانێکی گەورەتر دادەنرێ و، گومانیش لەوەدانییە، کە یەکێک لە ئەرکە سەرەتاییەکانی حکومەتی تازەی عێراق، کە دەبێ پابەندبێت بە ئازادی و دیموکراسییەت و رێزگرتنی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی مافەکانی هاووڵاتییە عێراقییەکان بە عەرەب و کوردو ئەوانی دیکەش، بریتییە لە ئیدانە کردنی سەرجەم تاوانەکانی رژێمی پێشوو لەگەڵ رەش کردنەوەی ئاسەوارەکانی و ئاشکرا کردنی کارەساتی ئەوانەی، کە چارەنووسییان بزرە لە عەرەب و کوردو ئەوانی دیکەش بە یەکسانی و دواتریش دەبێ بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە داوای لێبوردن لە رووداني ئەو کارەساتە بکرێ لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی قوربانییەکان و کەس و کاریشیان تا برینە قوڵەکانی ناخیشیان سارێژ دەبێت.
بۆیە من روو لە هەموو لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان دەنێم، کە پشتگیری گەلی کورد بکەن و، هاوکارمان بن بۆ لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لە چارەنووسی ئەو دەیان هەزار ونبووەی، کە چارەنووسیان نادیارە، ئەویش پێویستی بە چەند هەنگاوێکی دیاریکراو هەیە:
یەکەم: لەسەر هێزو لایەنە سیاسییە نیشتمانییەکانی عێراق پێویستە تەبەنناى ئەم مەسەلەیە بکەن و کۆمەڵێک لیژنەی تایبەت دروست بکەن بۆ گەڕان بەناو هەموو پارچەیەکی خاکی عێراق لە پێناوی ئاشکرا کردنی چارەنووسیان.
دووەم: پێویستە لەسەر هەر بەرپرسێکی پێشووی رژێم، کە جاران هەر جۆرە هەڵوێستێکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی هەبووبێ و ئێستا زانیارییەکی ئەوتۆی هەیە، دەکرێ بەهۆیەوە ئەو کارەساتانە ئاشکرا بکرێن، پەیوەندی بە دامودەزگاو رێکخراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بکات.
سێیەم: پێویستە رێکخراوو دامودەزگاکانی کوردستان، کە پەیوەستن بەو کارەو بە دوایدا چووینە، لە بنکەو لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ و قوربانیانی ئەنفال، کەوا کۆششەکانیان یەک بخەن و لیژنەی هاوبەش دروست بکەن بۆ ئەوەی تەنسیقێکی یەکگرتوویان هەبێ بۆ دروست کردنی چەند وەفدێک، کە لە چین و توێژە میللیە جیاجیاکان پێک هاتبێ، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتی و پارتە نیشتمانییەکان و سەرجەم ئەو کەسانەش، کە لە رژێمی رابردوودا کاریان کردووە بۆ دەستەبەر کردنی هەر جۆرە زانیارییەک لەمەڕ ئەو کارەساتە، لەگەڵ هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە عێراقی و جیهانییەکان بۆ بەدواداچوونی بەردەوام.
چوارەم: داوا لە بەڕێزان پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە رۆشنبیرو کۆمەڵایەتییەکانی سەرانسەری عێراق دەکەین، کە هانی هەر بەرپرسێکی پێشوو، ئەو هاووڵاتییانە بدەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەر زانیارییەکیان لەسەر ئەم کارەساتە هەیە رایبگەیەنن.
پێنجەم: داوا لە هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەمریکاو بەریتانیا دەکەین، کە ئەو گەورە تاوانبارە گیراوەکانی سەرانی پێشووی رژێم دەربارەی ئەم کارەساتەو چارەنووسی ئەو بێ سەروشوێنانە بەقسەبێنن و رای بگەیەنن.
ئاشکرا کردنی تەواوی چارەنووسی ئەو بێ سەروشوێنانە زامێکی قووڵ سارێژ دەکات، کە تائێستاش خوێنی لێ دەتکێت و دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ پتەو کردنی یەکێتی نیشتمانی و پاککردنەوەی ئەو کەش و هەوایەی، کە رژێمی پێشوو پیسی کردبوو، ئەم کارەساتەش دەبێتە یەکێک لە داوا یاساییە بەرزکراوە گەورەکان لە جیهانداو، کەسوکارو خێزانی ئەو بێ سەروشوێنانەش ئامادەباشی تەواویان هەیە، کە داوای یاسایی دەربارەی ئەم تاوانە تۆمار بکەن و ئەوان لە پشکۆ گەرمترن بۆ ئەوەی چارەنووسی رۆڵەکانیان بزانن و بۆ ئەمەش دەستەیەکی یاسایی تایبەتمان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردووە.
لەگەڵ رێزو ئیحترامدا

**مسعود بارزانی**
**١٨ نیسان ٢٠٠٣**

---

# مذكرة الرئيس البارزاني
# حول المفقودين المجهولي المصير من ضحايا عمليات الأنفال والقمع

وجه الرئيس البارزاني مذكرة الى جميع الأطراف والجهات المحلية والدولية المعنية للمساعدة على الكشف عن مصير عشرات الاف المفقودين من ابناء الشعب الكردي واعلان ذلك على الملأ وتحديد المجرمين القائمين به وتعويض الضحايا وذويهم وعوائلهم، وفيما يلي نص المذكرة:

**إلى/قيادة قوات التحالف**

**اللجنة الدولية التابعة للأمم المتحدة الخاصة بتقصي أنباء المفقودين المجهولي المصير**

**الأحزاب والقوى الوطنية العراقية كافة**

**لجان حقوق الانسان الدولية والمحلية**

**ايها الاخوة الاعزاء**

احدى المآسي الأنسانية التي لا تزال تثير حزناً عميقاً وأسى بالغاً وجرحاً لم يندمل في اذهان وقلوب ابناء الشعب الكردي وبقية العراقيين هي مأساة اعتقال عشرات الاف المواطنين الابرياء نساء و رجالاً من قبل سلطات النظام البائد وفقدان مصيرهم حتى الان:

–اكثر من عشره الاف من الكورد الفيليين منذ حملة تهجيرهم في بداية سبعينات القرن العشرين حتى الثمانينات منه.

–حوالي ثمانية الاف مواطن بارزاني من سن (١٤) عاماً فما فوق اعتقلتهم سلطات النظام البائد في مناطق اربيل و بغداد بشكل جماعي صيف عام (١٩٨٣).

–حوالي (١٨٠)الف من ضحايا عمليات الانفال خلال ربيع عام (١٩٨٨) اعتقلتهم السلطات العراقية بشكل جماعي بينهم اطفال و نساء و شباب ورجال انتزعتهم من قراهم في منطقة گرميان و بادينان وغيرها والذي لم يعرف احد مصيرهم حتى الان.

–اعتقالات فردية و جماعية متفرقة، منها حملة اعتقالات جماعية للشباب الكوردي اثناء انتفاضة آذار عام (١٩٩١) والهجرة الجماعية انذاك، لاسيما في مناطق كركوك و الاقضية والنواحي الكوردية فيها.

ايها السادة الافاضل:

لايزال ذوو و عوائل هؤلاء الضحايا المجهولي المصير ينتظرون اية معلومة عنهم وهم يعيشون في قلق عميق، وقد مرت قبل ايام الذكرى الخامسة عشر لحملة الانفال الضخمة عام (١٩٨٨) ولايزال الشعب الكوردي برمته ينتظر الكشف عن مصيرهم، ولاشك انها مأساة عراقية تمس ضمير كل مواطن عراقي حر، وهي مأساة بشرية ادانتها أوساط ومنظمات دولية عديدة واصدرت بها بيانات وتقارير دولية وبحوثاً وافلاماً.

ان عملية الانفال جريمة بحق البشرية، وهي افظع من اية جريمة اخرى ارتكبت بحق مدنيين عزل نساء و رجال في أي بلد حتى الان.

وتندرج هذه الجريمة ضمن السياسة العنصرية والدكتاتورية للنظام السابق الذي كان ينفذ خطة مبرمجة لإبادة الكورد وتغيير الطابع القومي والتاريخي لكوردستان سواء بهذه الطريقة أو بالقصف الكيمياوي او هدم القرى والمزارع والقصبات أو حملات الإعدام والملاحقة والارهاب بأية وسيلة اخرى، ومن هنا فإنها جريمة مضاعفة انسانياً و سياسياً وقانونياً.

ولاشك في ان احدى المهمات الأولية للحكومة العراقية الجديدة التي ينبغي ان تلتزم بالحرية والديمقراطية والاحترام الكامل لحقوق الانسان واعادة حقوق جميع المواطنين العراقيين عرباً و كورداًوغيرهم، هي ادانة كافة جرائم النظام السابق ومحو اثارها والكشف عن مأساة المفقودي المصير من العرب والكورد وغيرهم دون استثناء، والإعتذار بإسم الدولة العراقية عما حصل، والتعويض المعنوي والمادي للضحايا وذويهم، حتى تندمل الجروح العميقة في النفوس.

لذلك فإنني أتوجه إلى جميع الأطراف الداخلية والخارجية للتضامن مع الشعب الكوردي والتعاون على البحث الجدي عن مصير عشرات الاف المفقودين المجهولي المصير ويتطلب ذلك خطوات محددة:

أولاً: ان تتبنى القوى والاحزاب الوطنية العراقية هذا الموضوع وتشكل لجاناً خاصة للبحث في أية بقعة من اجل الكشف عن مصيرهم.

ثانياً ان يتحرك أي مسؤول سابق في النظام، مهما كان موقفه سواء كان ذلك مباشرة أو غير مباشرة، ممن يملك معلومة ما للكشف عن هذه المأساة بالاتصال بالمؤسسات والمنظمات المعنية في اقليم كوردستان العراق.

ثالثاً ان تتحرك المنظمات والمؤسسات الكوردستانية المعنية بالأمر والتي تابعته، من مراكز ولجان حقوق الانسان وضحايا الانفال، لتوحيد جهودها وتشكيل لجان مشتركة للتنسيق معاًوتشكيل الوفود، من مختلف القطاعات الشعبية، واللقاء بالشخصيات والاحزاب الوطنية وبكل من عمل في النظام السابق واللقاء به لمعرفة أي شيء عن هذه المأساة، والتعاون مع الجهات العراقية والدولية لمتابعة ذلك.

رابعاً ندعو السادة رجال الدين والشخصيات الثقافية والاجتماعية في سائر ارجاء العراق لحث أي مسؤول سابق وحث المواطنين عامة للأدلاء بأية معلومة عن المأساة سواء مباشرة أو غير مباشرة.

خامساً نطالب قوات التحالف الدولي الامريكي والبريطاني لاستنطاق كبار المتهمين المعتقلين من رموز النظام السابق و ذلك حول هذه المأساة ومصير المفقودين واعلان ذلك.

إن الكشف الكامل عن مصير هؤلاء المفقودين سيشفي جرحاً عميقاً لازال ينزف و سيساعد على تعزيز الوحدة الوطنية وتنقية الاجواء التي كدرتها سياسة النظام السابق، وستكون هذه المأساة إحدى المرافعات القانونية الكبيرة في العالم وان عوائل وذوي المفقودين على استعداد تام لتسجيل الدعاوى القانونية حول هذه الجريمة، وهم على احر من الجمر لمعرفة مصير ابنائهم، وقد اعددنا هيئة قانونية خاصة بذلك.

مع التقدير والاحترام

**مسعود البارزاني**

**١٨/نيسان٢٠٠٣**